# وەک فریشتەیەکی سپی

## لەسەر بەردێکی ڕەش دانیشتووم و پەرەکانی باڵم ئەدەم بەبا

**هیوا قادر**

دواهەمین ساتەکانی ٢٠١١

چەند بە خۆم غەریبم؛

بۆ نیشانەیەک ئەگەڕێم لە خۆمدا

خۆمم بیربخاتەوە،

نازانم لە کێ بپرسم بمباتەوە بۆ لای خۆم...

لە کێ بپرسم بمباتەوە ماڵەکەم.

کە خۆم ماڵی خۆم نازانم!

کە کەس پێشتر لەم شارەدا منی نەبینیوە!

ئیتر کێ من بباتەوە بەردەرگای ماڵێک،

کە کەس نازانێت لە کوێیە!

چەند غەریبانە بۆن بەخۆمەوە ئەکەم و

چاوم پڕ ئەبێت لە تەنیایی.

کە دەست ئەدەمە باڵی سێبەرەکەم

بۆ ئەوەی تەریقنەبێتەوە

لەبری جلە خۆڵاوییەکانی ئەو،

سەر ئەژنۆی پانتۆڵە ئتوكراوەكەم ئەتەكێنم.

منداڵەكان بەبەرد و داری دەستیانەوە دوام ئەكەون...

شاعیر،

شاعیر،

شاعیر،

شاعیر...

من پێچەوانەی هاوڕێ شاعیرەكانم

نە ماڵم هەیە نە حاڵ،

نە وڵاتم هەیە نە خودا،

نە سەرۆكم هەیە نە حیزب،

من هیچم نییە جگە لە خۆمێكی ونبوو.

بەم ونبوونەی خۆمەوە ئەچمە سەر ئەو گەنجینانەی دزەكان نایدۆزنەوە،

ئەچمە بەردەم دەرگای ئەو بەهەشتانەی كە دیندارەكان ونیان كردووە،

وای...

وای لە من وای...

هەریەک لە خوێنەرە دڵشكاو و عاشقەكانم،

ئەمبەنە بەردەم دەرگای ماڵێک و ئەڵێن؛ ئەمەماڵی تۆیە؟

من ئەڵێم نا.

ئەمبەنە باخەکان و ئەڵێن؛ ئەمە باخی تۆیە؟

من ئەڵێم نا.

کتێبەکانم پیشان ئەدەن و ئەڵێن؛ ئەمانە کتێبی تۆن؟

من ئەڵێم نا.

گوڵە سوورەکان ئەکەن بە ڕجا،

تکا لە پەپوولەکان ئەکەن بەسەرمەوە بنیشنەوە،

لە سەوزی چیمەن ئەپاڕێنەوە تەڕم کات،

خودا ئەکەن بە گژما،

بە شەیتان ئەڵێن لە خشتەمبەرێ؛

بەڵام من غەریبانە،

بێوەیانە وەک شاعیر بە هەمووان ئەڵێم؛

وای کە من غەریبم بە خۆم وای...

ماڵی من تازە لە هیچ شوێنێک نییە.

هەموو ئاوێنەکان ئەشکێنم و بەدەستی خوێناوییەوە

لە پارچە شکاوەکاندا بەدوای خۆمدا ئەگەڕێم،

گۆمەکان ئەشڵەقێنم و خۆم ئەخنکێنم تیایاندا

تا نەرجسیەتم بکەوێتە سەر ئاو.

بە ئاگرەکاندا ئەڕۆم،

بە جەهەنمەکاندا تێ ئەپەڕم.

دوکەڵەکان ئەبینم هیچیان دوکەڵی سووتاوی جەستەی من نین.

چاوم دەردێنم و لە ئاوی ڕژاوی چاوی خۆمدا

بەدوای بینیندا ئەگەڕێم،

تێ ئەگەم هیچ جوانییەک بەتەنها بەس نییە،

هیچ ڕێگایەک هێندە درێژنییە بگاتە بە هەموو گەیشتن،

هیچ فڕینێک ئاسمان ناتوانێت داگیربکات،

هیچ ئەبەدیەتێک نییە...

هیچ نییە،

هیچ...

وای لە من، وای...

چەند غەریبانە بەسەر ئەم ئەستێرەیەدا تێ ئەپەڕم،

چەند شەرمنانە سڵاو لە جوانی ئەکەم و

تا دوور ئەکەومەوە نەدیوبدیانە ئاوڕی لێ ئەدەمەوە،

چەن بێباکانە بەلای پیاوکوژەکاندا تێ ئەپەڕم،

وای لەناو ئەم قەرەباڵغیانەدا چەندە تەنهام و

چەندە بە خۆم و بە هەموو دنیا غەریب،

وای لە من وای

منداڵەکان بە بەرد و داری دەستیانەوە دوام ئەکەون و ئەڵێن:

شاعیر، شاعیر، شاعیر، شاعیر...

وای

وای لە من وای،

وای...